


# له رابردوودا جگه له شیعر، هیچمان بۆ جێنەماوە!

**عەلی پێنجوێنی**
**له دیدارێکدا سەبارەت بە (هەوریلار)**

(عەلی پێنجوێنی) یەکێکە لە دەنگە شیعرییەکانی پاش راپەڕین، کە ئامادەییەکی جددیی لە پانتایی شیعری نوێدا هەیە. ئەم شاعیرە جیاواز لە هاوتەمەنەکانی سەردەمی خۆی دەنووسێت‌و هەست بە بوونی پاشخانێکی مەعریفی‌و رۆشنبیری‌و فکریی قووڵ دەکرێت لە شیعرەکانیدا، بەتایبەت ئەم جیاوازییە لە رووی زمانەوە بەرجەستە دەکات‌و راڤەی دنیابینیی خۆی لە چوارچێوەی پرۆسەی داهێنانەوە دەکات. لە ماوەی رابردوودا بەرێوەبەرێتیی چاپ‌و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری، کۆمەڵە شیعرێکی بۆ ئەم شاعیرە چاپ‌و بڵاوکردەوە، لەژێر ناوی (هەوریلار)دا، گۆڤاری ئایندە بەپێویستی زانی دیدارێکی کورت سەبارەت بەم کتێبە شیعرییەی عەلی سازبکات...

***شیعرەکانی نێو (هەوریلار) هەموویان پێشتر بڵاوکراونەتەوە لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا، بەڵام پێت وایە لە دووتوێی کتێبێکدا چ بەهایەکی بۆ خوێنەر دەمێنێتەوە، یاخود گرنگی کتێب لەچیدایە..؟**

-دیارە قسەکردن لە بەهاو سەنگی کتێب، دەرفەت‌و خۆکۆکردنەوەیەکی زیاتری دەوێت. هەوڵدەدەم چەند سەرنجێك بخەمەروو سەبارەت بەم پرسیارەی جەنابت. یەکێك لەو کێشە قووڵو مێژووییانەی کولتووری کوردی پێوەی دەناڵێنێ ئەوەیە، کە ئێمە واتە کورد خاوەنی مێژوویەکی زارەکیین (شفوی)، بە پێچەوانەی هەموو کولتوورێکی زیندوو لە دنیادا، واتە خاوەنی کەمترین نووسراو و کتێبین لە رابردوو و مێژوودا، بەواتایەکی تر ئێمە مێژوو و کولتوورێکی نووسراو واتە (تحریری)مان نییە، رابردوومان جگە لە کۆمەڵێك تێکستی ئەدەبیی بەدەستنیشانکراوی شیعر، هیچمان بۆ جێ نەماوە، ئەوانیش وەك کتێب بەجێ نەماون، بەڵکو لەملاولا دەستاودەست کۆکراونەتەوەو دواتر کراون بە کتێب، بۆ نموونە شاعیرێکی وەك نالی کتێبی لێ بەجێ نەماوە، بەڵکو دواتر کتێبی بۆ دروستکراوە، تا ئێستاش نازانرێ نالی بە دەقیقی ساڵو رۆژی لەدایکبوونی، چ جای ئەوەی رازی ببین بەوەی کە لە بەردەستماندایە تەواوی شیعرەکانییەتی یان تا ئێستا زۆر لە شیعرەکانی بێسەروشوێنن، وەك ساڵو رۆژی لەدایکبوون، بگرە گۆڕەکەشی بێسەروشوێنە. ئەم نموونەیە باش یارمەتیمان دەداتو بۆمان دەسەلمێنێ ئێمە خاوەنی مێژوویەکی زارەکیین، نەك مێژوویەکی نووسراو، کەواتە مێژووی تورانی ئێمە لە کتێب مێژوویەکی ترسناك‌و دووردرێژە.

کتێب واتە کۆکردنەوەی جەستەی هەڵرژاو و پارچە پارچەبووی میللەتێك. کتێب واتە ئاگاداربوون لە دوێنێ‌و تێگەیشتن لە ئێمرۆ و جوانکردنی سبەینێ. کتێب واتە تۆمارکردن‌و رێزگرتن لە چرکە فەرامۆشکراوەکان، هەموو ئەم وردە سەرنجانە وا لە من دەکەن، کە

شیعرەکانم لە کتێبێکدا کۆبکەمەوە، تا زیاتر درێژە بەو هەڵە ترسناکە نەدەین کە لە سەرەوە باسمکردو ناوم ناوە (مێژووی زارەکی)، ئەمە جگە لەوەی شیعرەکان بە کۆکراوەیی لە کتێبێکدا یارمەتیدەرەو ئاسانکارە بۆ رەخنەگرێك گەر بییەوێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات.

***لە زۆربەی شیعرەکاندا یەك شێوازی زمان بەکارهاتووە، بەڵام ئاستی گوزارشتو دنیابینییان جیاوازە، خۆت لەم بارەیەوە رات چییە؟**

-لە راستیدا بەتەواوی روون نییە مەبەست لە زمان چییەو چ ئاستێکی زمانت مەبەستە، بەڵام بەهەرحاڵ دەڵێم زمان ئەو کلیلە پڕ شیعرو ئەفسونگەرەیە کە دەرگاکانی ناو دەق دەکاتەوەو دەمانباتە ناو مەملەکەتی خەیاڵو جوانیو شیعرو داهێنانەوە، کەواتە پەیوەندیی زمانو دەقو ناوەرۆکی دەق پەیوەندییەکی تەنگاتەنگو راستەوخۆو پێکەوەگرێدراوە، زمان دەبێت نەشتەرێکی قووڵ بێت تا بتوانێ قووڵاییەکانی ببرێتو پەلکێشمان بکات بۆ ناو جوانییەکان. هەرگیز ناکرێت زمان کەمخوێنو هەژارو کەم قووڵایی بێتو بتوانێت داهێنانو قووڵاییو نامەئلوفییەت ببینێ، چونکە دواجار بەجۆرێك لە جۆرەکان لە ناوەرۆکدا قووڵاییەکانو داهێنان خوڵقێنراوی زمانن. لەسەر دەستی نالیو هاورێکانیدا شیعری کوردی توانیی تارادەیەکی باش زمانی تایبەت بە خۆمان بەرهەمبهێنێتو جوانیو داهێنانو درەوشاوەیی بهێنێتە ئاراوە، تەنیا قسە لە زمانیو نالیو هاورێکانی دەکەم، ئەم زمانە تا چرکەساتی گۆران درێژەی هەبووەو لای گۆرانیش تارادەیەك درێژەی هەبووە. ئاڵوگۆرێکی نەوعی لە زمانی شیعری کوردیدا دێتەئاراوە، بەبڕوای من ئەوەی ئەو ئاڵوگۆرەی کرد شێرکۆ بێکەس بوو، بۆیە لە دوای شێرکۆوە هەموومان بە جۆرێك لە جۆرەکان لەژێر کاریگەریی زمانی شێرکۆ داین، وەك بەختیار عەلی دەڵێ: شێرکۆ سوڵتانی زمانی شیعری کوردییە. منیش بەدەر نیم لەو کاریگەرییە لە زماندا، بەڵام لە رووی ناوەرۆکەوە هەوڵم داوە دنیابینییەکی کۆنکرێتیو دامەزراوم هەبێ سەبارەت بە دنیاو بۆنو بەرامەیەك بدەم تایبەتمەندیی خۆمی تیابێت، جا تا چەندە توانیومە ئەمە بکەم؟ ئەمەیان بەجێ دێڵم بۆ خوێنەرو رەخنەگر.

بەڕاستی خوڵقاندنی دنیابینی کارێکی ئێجگار زەحمەتو دژوارە، بەداخەوە شیعری ئێستای کوردی پڕە لە سەرگەردانی، شیعرێکی دە لاپەڕەیی دەخوێنیتەوە نازانی چی دەڵێ، ئەمەش غیابی دنیابینییە، غیابی دنیابینیش پەیوەندییەکی قووڵو راستەوخۆی بە هەژاریی مەعریفیو رۆشنبیرییەوە هەیە.

***پرسیارکردن لە شیعرەکانتدا، وەك چەمکێکی زیندوو پانتایی دەقەکانی تەنیوە. ئایا پێت وایە رەخنە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوەو گرێکوێرەکان بکاتەوە؟**

-یەکێك لە نیشانە جەوهەرییەکانی زیندووبوونی هەر کۆمەڵگەیەك، ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵگەیە پرسیارکەربێت، ئەو کۆمەڵگەیەی وەڵامی حازربەدەستو مژدەو بەڵێنی زلو قەبە بەرهەمدێنێ، ئەو کۆمەڵگەیە لەبارترین ژینگەیە بۆ لەدایکبوونی ستەمکاری. هەر میللەتێك بێ خەمیو بێ پرسیاری بەرهەمبهێنێ، ئەوا نووقمی لیتاوی ستەمکارییە، دیارە میللەتی کوردیش تارادەیەکی زۆر بێباکە سەبارەت بەو هەموو رووداو و کارەساتانەی لە دنیای ناوەو دنیای دەرەوەدا روودەدەن. زۆرجار دەگەمە ئەو قەناعەتەی رەنگە کورد هیچی نەبێت لەدەستی بدات بۆیە ئەوەندە کەمتەرخەمو بێباكو بێ پرسیارە بەرامبەر دنیاو تەواوی شتەکان. سەدەی بیست سەدەیەکی پڕ شەڕو شۆڕشو ئاڵوگۆڕ بووە، بەتایبەت بۆ میللەتی کورد، کە دەبوا پرسیاری جدیو قووڵمان بوروژاندایە، کەچی بەپێچەوانەوە، شیعرمان پڕە لە وەڵامی فریودەرو مژدەو پەیامی فریودەر، کە بەجۆرێك دەبوا پرسیار نەکەینو نائومێدی نەنووسینەوەو پاڵەوانی ناو چیرۆکەکانمان هەمیشە سۆپەرمانئاساو لە شکان نەهاتووبوونو مژدەو ئومێدو وەڵامی فریودەرانەیان بەرهەمهێنا.

لە سۆنگەی ئەم قەیرانە قووڵانەوە، واتە قەیرانی بێ پرسیاری، هەمیشە پرسیار پانتاییەکی فراوانی لە شیعرەکانی مندا داگیرکردووە، پرسیار لە شیعردا واتە

وابەستەکردنی خوێنەر لە دەرەوەی دەقدا بەناوەوەی دەق، بەواتایەکی دیکە پەیوەندیی لە پچڕاننەهاتوو لەنێوان دەقو خوێنەردا، لە ڕێی پرسیارەوە دێتە ئاراوە، هەمیشە شیعری وەڵامگۆ، شیعرێکە سیخناخە بە ئایدیۆلۆژیا، چونکە وەڵامی حازربەدەستو مژدەو پەیامو هوتافکێشان خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئایدیۆلۆژیان، کە بەناوی شیعرەوە ئەمەت کرد کەواتە بەجۆرێك لە جۆرەکان ئایدیۆلۆژیا دەنووسیتەوەو ستەمکاری بەرهەمدەهێنیت.

***لەم سەردەمەدا کە لێشاوی چاپو بڵاوکردنەوە نەخشەی ئەدەبیمانی شێواندووە، داهێنان چۆن بتوانێ شوێنێك بۆ خۆی بکاتەوە؟**

-ئەگەر نووسین ئاڵۆزترین پرۆسە بێت، ئەوا چاپو بڵاوکردنەوەکەی پڕ خەمترینو بەرپرسیارترین کاری ئەخلاقیو ڕۆشنبیریو مێژووییە، بەڵام وەك لە وەڵامەکانی پێشووترمدا باسم کرد، کۆمەڵگەیەك باکی بە هیچ نەبێتو خۆی بە بەرپرسیار نەزانێتو پێی وابێت هیچی نییە تا لەدەستی بداتو کۆمەڵگەیەکی هیچ دوودڵیو ڕاڕاییو نیگەرانییەکی فەلسەفیو ئەدەبیی نەبێت، کەواتە چاپو بڵاوکردنەوە ئاسانترین کارە کە دەستی بۆ ببات، هەر بۆیە لە دوای ڕاپەڕینەوە گۆڕستانێك لە (کتێب) دروستبووە، بێگومان نابێت کارە جوانەکان نادیدەبکرێت.

گەرچی کاری داهێنانو جوان، بە لەشکری جەهلو هەژاریی ڕۆشنبیری گەمارۆدراوە، بەڵام جوانیو داهێنان لە نەشتەر دەچێت، دەتوانێت گشت لەمپەڕو تاریکیو زەمەنو مەکانەکان ببڕێت.

**ئا: ئایندە**



# سرووتێکی سرووشت..
# لە نیگارەکانی محەمەد فەتاح-دا

محەمەد فەتاح لەسەر ئاستی هونەری شێوەکاریی کوردی، شوێندەستی دیارەو توانیویەتی بە ستایلێکی تارادەیەك تایبەت، لە ڕێگەی ڕەنگەوە وێنای خەونو دنیابینیی خۆی بکات.. هونەرمەند لەم پێشانگە تایبەتەیدا، کۆمەڵێك فیگەری سرووشتیی بۆ تەوزیفکردووین، ڕوانینی هونەرمەند بۆ سرووشت ڕوانینێکی شێوەکارییانەیەولەسەربنەمای ئیستاتیکیو دۆزینەوەی جوانییە پەنهانو شاراوەکان کاریکردووەو ئەو گرتانەی بۆ گواستووینەتەوە کە دەمێکە بەهۆی جەنجاڵیی ژیانەوە لە دیتنیان بێبەشین، هەروەك (جەزا بەکر) لە دەلیلی پێشانگەکەدا دەڵێت: «سرووشت لەنێو دیرۆکی هونەری نیگارکێشاندا دێرینترین پێگەی

هەیە».

هونەرمەند محەمەد فەتاحیش سەبارەت بەم پێشانگە تازەیەی‌و سەبارەت بە قۆناغی کێشانی نیگارەکانی دەڵێت: وەك زەمەن قۆناغەکان جیاوازن‌و بەرهەمی ئەم سێ ساڵەی دواییمە. ئەگەر سەرنج بدەن لە تابلۆکان، دەبینن کۆمەڵێك فلّچەی خێرا بەتایبەت لە کارە زەیتییەکاندا دەبینرێت، کە دەکرێت بە ڕەنگی پۆزەتیڤ‌و ڕەق ناو ببرێت لە دەربڕیندا، ئەم جێگە فلّچانە ئیمدادی کۆمەڵێك کاری تری خۆمە، کە بە ئەبستراکت کارم تێدا کردووە. ئەم تابلۆیانە هەمووی لەناو واقیعدا کێشراون‌و لەسرووشتدا بەرهەمهاتوون، بەڵام دەکرێت بڵێین حاڵەتی سایکۆلۆجیی جیاوازیان هەیە.

محەمەد فەتاح پێشتر کۆمەڵێك کاری جیاوازی ئەنجامداوە، تەنانەت لە رووپەڕی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا چەندین کاریکاتێرو وێنەی تایبەتی کێشاوە. سەبارەت بە جیاوازیی بنەڕەتیی ئەم پێشانگەیەی‌و بەرهەمەکانی پێشووتری، دەڵێت: راستە کارەکان جیاوازن‌و جگە لە کاری نیگارکێشان، کاریکاتێریشم کردووەو بەرگی رۆژنامەو گۆڤارو چەندین کتێب‌و لۆگۆ بە کارەکانی من رازێنراونەتەوە، بەگشتی هەموو کارەکان هونەرن‌و لە مێشك‌و ئەندێشەی هونەرمەندەوە سەرچاوەیان گرتووە، دەکرێت لە کاری سرووشتدا زۆر هەست بە کاریکاتێر نەکەیت، بەڵام لەوەشاندنی خێرای فلّچەکان هەندێك جار خێرایی کاریکاتێر و بەرهەمە پۆستەرییەکان دێنەوە خەیاڵی هونەرمەندەوە، کەواتە کەس ناتوانێت دابڕێت لە کارتێکەرانی پێشووتری.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی سرووشتیش بۆ ئەم پێشانگە نوێیەی، محەمەد فەتاح دەڵێت: گەرانەوەی بینەر بۆ بینینی کاری سرووشت، لە گرنگی بوونی سرووشتەوە دێت، وەك قوتابخانەیەکی مەزن‌و دایکێکی باوەشکراوە. راستە مۆدێرنەو شۆڕشی پیشەسازی‌و تەکنەلۆجیا زۆر کاریان کردۆتە سەر هەموو ئاراستە فکری‌و هونەرییەکان، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تۆ لەسەر رێچکەیەکی هونەریی تایبەت کارتکرد، ئیتر کفربێت چوون بەلای سرووشت‌و شێوازەکانی تردا. کولتووری ئێمە گەلێك مەزنەو سرووشتمان زۆر جوانە، بۆیە دەکرێت سوود لەو دوو چەمکە وەربگرین بۆ تەوزیفاتی نوێ، ئەمەش رادەی تێگەیشتن‌و بۆچوونی جوانی ئەم نەوە نوێیە دەریدەخات، کە بەداخەوە هونەرمەند هەیە ئامادە نییە دێڕێك لە رۆمانێك بخوێنێتەوە.

**ئا: ئایندە**



یەکێك لە تابلۆکانی محەممەد فەتاح



# کۆچی دوایی ئارسەر کلارک

## گەورەترین نووسەری ئەندێشەی زانستی

مانگی مارسی 2008 لە تەمەنی 90 ساڵیدا گەورە نووسەری ئەندێشەی زانستی (ئارسەر کلارک) لە سریلانکا کۆچی دوایی کرد. کلارک هەر لە ساڵی 1950وە ژیانی لە (کۆلۆمبۆ) بردووەتە سەر، خاوەنی هزرێکی فراوان بووە لە بواری فیزیاو بیرکاریداو پسپۆریش بووە لە زانستی ئایندەدا. تەنانەت ساڵی 1945 کلارک یەکەم کەس بووە ئاماژەی بە مانگە دەستکردەکان داوە. کلارک نووسەرێکی بەریتانییەو لە گرنگترین بەرهەمەکانی (چیرۆکی 2001، ئۆدیسای ئاسمان) کە ساڵی 1968 کراوە بە فیلمو ستانلی کوبریک هەڵساوە بە دەرهێنانی فیلمەکە. کلارک ژیانی بە مۆزێکی گەورە دەچواند، کە بەهۆی ئەندێشەی زانستییەوە ئەتوانین توێکڵەکەی پاکبکەینو حەقیقەتی ناوەرۆکەکەیمان بۆ دەرکەوێ. ئەمەو کلارک لەم بوارەدا کۆمەڵێ خەڵاتی وەدەستهێناوە، لەوانە خەڵاتی (نیبوک) کە بە گەورەترین خەڵاتی ئەدەبیی زانستیی ئەندێشەیی ناودەبرێ. پاشان خەڵاتی (هوجو) ساڵی 1980-1974ی بەدەستهێناوە. ساڵی 1986 لە وڵاتە یەکگرتووەکان بە گەورەترین نووسەری بواری زانستی دەستنیشان کرا، تەنانەت ساڵی 1989 نازناوی (شاسوار)ی لێ نرا.

کلارک ساڵی 1917 لە خۆرئاوای ئینگلتەرا لەدایکبووە، هەر لە منداڵییەوە حەزی لە ئەدەبی ئەندێشەی زانستی بووە، لە جەنگی جیهانیی دووەمدا بەشداریی کردووەو لە هێزی ئاسمانیی بەریتانیا سەرباز بووە. ساڵی 1953 ژنی هێناوەو ساڵی 1964 لێی جیابووەتەوە بێ ئەوەی هیچ منداڵێکی لێی ببێ. ئیتر لە ساڵی 1956ەوە لە سریلانکا ژیاوە تا رۆژی کۆچکردنی یەکجاریی.

**لە ئینگلیزییەوە: دڵشاد عەزیز**



# کۆمپانیای وۆڵت دیزنیو ژینگەپارێزی

کۆمپانیای (وۆڵت دیزنی) سەرقاڵی بەرهەمهێنانی کۆمەڵێ فیلمی بەڵگەنامەییە لەسەر سرووشت، کە ئاماژە بە ژیانی کێویو ژینگە لە جیهاندا دەکات، وا بە نیازە لە نیسانی ساڵی 2009دا ئەو فیلمانە لە ئەمریکا نمایشبکات. یەکێك لەوانە ناوی (زەوی)یە. کۆمپانیای دزنی لەم پرۆژەیەدا دەیەوێ سەرنجی جیهان بۆ لای ژینگە رابکێشێ، بەتایبەتی پاش ئەوەی فیلمەکەی پێشووی (راستییەکی تاڵ) کە (ئالگۆر)ی جێگری سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئەمریکی ساڵی 2006 بەرهەمیهێنا، کە باسی لە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای دەکرد لەسەر گۆی زەوی.

(دیك کوك) سەرۆکی ئەنجومەنی (وۆڵت دیزنی) لە میانەی بانگەشەکردنی بۆ بەرهەمە نوێکانی لە کالیفۆرنیا رایگەیاند، لەوانەیە ساڵانە فیلمێکی بازرگانی لەو بوارەدا بەرهەمبهێنێ. پاشان ئەم کۆمەڵە فیلمانە درێژەپێدانی ئەو زنجیرە مێژووییەیە کە دیزنی لە ساڵی 1942ەوە دەستی داوەتێ. بەتایبەتی پاش ئەوەی فیلمێکی کارتۆنیی لەم بارەیەوە بەناوی (یامبی) بەرهەمهێنا. پاشان کۆمەڵێ فیلمی تر، کە لە ساڵی 1948 تا 1960ی خایاند.

پاشان هەردوو کۆمپانیای دیزنیو (والدن میدیا) لە خۆئامادەکردندان بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێکی منداڵان، کە بەرهەمی نووسەری بەریتانی (کلایف ستیبل لویس)ە بەناوی (عرض زمني لنارينا)ە، پاشان فیلمێکی تر بەناوی (الامير كاسبيان) ساڵی 2007 کە هەمان منداڵە ئەکتەرەکانن کە چوار منداڵن، هەڵئەستن بە رۆڵبینین، هەروەکو لە فیلمی یەکەمدا بەناوی (الاسد والساحر والخزانه) رۆڵیان بینی. ئەم فیلمە لە کانوونی یەکەم نمایشکرا، داهاتەکەی گەیشتە 63404 ملیۆن دۆلار لە هەموو جیهاندا بەپێی قسەی ماڵپەڕی (بۆکسی ئۆفیس)، تەنانەت ئەم فیلمە لە ڕیزبەندی فیلمەکاندا بە پلەی بیستو هەشتەم فیلم دێت، کە کۆمەڵێکی زۆر لە بینەری هەیە.

لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق قەرەداغی






# ئاوات محەمەد..
# لە کتێبی دەق و ڕاڤەکاری-دا

وەك چۆن پرۆسەی نووسینی دەقی ئەدەبی پرۆسەیەکی سایکۆلۆژیو هونەریو ئاڵۆزە، بەهەمان شێوەش پرۆسەی ڕاڤەکاری و ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، هەمان قورسایی خۆی هەیە. لە دنیای ڕۆشنبیریی کوردیدا، کەم تێکستی ئەدەبی بەدی دەکرێت، کە لەسەر بنەمای ئەکادیمیو زانستی لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی لەسەر کرابێت، بەڵکو بەتەواوی پێناسەو میتۆدو ڕەهەندە هەمەلایەنەکانییەوە، ئەم لایەنە گرنگەی ناو کایەی ڕۆشنبیریو کولتووریمان فەرامۆشکراوەو ڕۆشنبیرانو نووسەران کەمتر کاریان لەسەر کردووە. بەو مانا گشتییەی، ڕەخنەی ئەدەبی «بریتییە لە ڕاڤەکردنی تێکستەکە لە ڕەهەندێکی دیاریکراوەوە تا ئاشکراکردنی ئەو پەیامەی کە تێکستەکە لە هەناوی خۆیدا هەڵیگرتووە».

لە پەنا هەر تێکستێکی ئەدەبیی داهێنراودا، ئەگەر پرۆسەی ڕەخنەو شیکارییە ئەدەبییەکانیش ڕێ نەکەن، ئەوا ڕەنگە ئاراستەی گەشەی ئەدەبیمان لە خاڵێکی چەقبەستوودا بمێنێتەوەو داهێنان لە ئاستە باڵاکەیدا بە لقێکی ناتەواوەوە هەڵواسرێت، ئەگەرچی مەرجیش نییە کارێکی داهێنەرانە یاخود تێکستێکی ئەدەبی بە بوونی ڕەخنەو ڕاڤەی ئەدەبییەوە بەهای ئیستاتیکیو زیندوویێتیی هەبێت، بەڵام لە خاڵێکدا دەبنە تەواکەری یەکترو گەشە بە ڕەوتی داهێنان دەدەن.

لێشاوی چاپو بڵاوکردنەوەو بەرهەمهێنانی تێکستی ئەدەبی، کە زۆرجار لەنێویاندا هەوڵی داهێنەرانەش دەبینرێت، بەبێ بوونی ڕەخنەی قووڵی زانستیو تووخمو ڕەگەزە بنچینەییەکانی ڕاڤەی ئەدەبی، ڕەنگە دیسان ببێتەوە بە ژێرپێی دەیان کاری نائەدەبیو خاڵی لە هەرچی بەهای ئیستاتیکیو تێکستی مەودای کورتبینینو کەم ڕەهەند. ئەم ڕایە دیسان تەواو ڕەها نییە، بەڵام ناشکرێت ڕۆشنبیریی ئێمە لەم بوارەدا هێند بێخەمو کەمتەرخەمیش بن، کە دواجار ڕایەڵێك نەمێنێت لەنێوان تێکستی داهێنەرانەو ڕەخنەی قووڵو جدیدا، چونکە لە بنەڕەتدا هەم دەقی داهێنەرانەو هەم ڕەخنەی قووڵو میتۆدی دەبنە تەواوکەری یەکترو ئەو پرسیارو ڕەهەندە ئاڵۆزو پنتو توخمو موفرەدو پانتاییە نادیارانەی تێکست، کە وەك گرێیەکی ئاڵۆزو فرە مەدلول دروستی دەکات، پێویستە لە ڕێگەی خوێندنەوەی قووڵی میتۆدیانەوە

بکرێنەوەو کۆدەکانی بدرێن بەدەستەوە.

لەکاتێکدا ئەم باسە بە هەموو سادەیی خۆیەوە دەیەوێت لە دەرگای بابەتێکی زانستیی هەستیارو جدی بدات، دڵخۆش دەبین بە چەند هەوڵێکی لێرەو لەوێ، کە جۆرێك لە گیانی ئومێد بەبەری ئەدەبدا دێننەوە، لێرەوە دەکرێت کتێبێکی بەنرخ و بەهای وەك (دەقو راڤەکاری)ی هاورێی نووسەرمان (ئاوات محەمەد) بناسێنین بە خوێنەر، بەتایبەت نووسەرو خوێنەرە گەنجەکان، کە لە ماوەی پێشوودا لەلایەن بەرێوەبەرێتیی چاپو بڵاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیرییەوە چاپو بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە نوێیەی (ئاوات) سیو نۆ بابەتی لێکۆڵینەوەو رەخنەو شیکاریی ئەدەبیو وتاری فکریو رۆشنبیریی لەخۆگرتووە. خوێندنەوەی ئەم بابەتانەی دووتوێی ئەم کتێبە، هەرچەند پێشتر لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام کاتێك لە دووتوێی کتێبێکدا بەریان دەکەوینەوە، بەهای نەمریو زیندوویی خۆیان دووپات دەکەنەوە، چونکە بەهای کتێبی لەمجۆرە بابەتانە، لە ئاستێکی دەوڵەمەندتردا دێنەوە بەرهەم.

(ئاوات محەمەد) لە سەرجەمی خوێندنەوەو شیکارییە ئەدەبیو فکرییەکانیدا، پشتی بە رێبازو تێزو میتۆدە ئەکادیمیو زانستییەکانی خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنو رەخنە بەستووە. هەست بە پاشخانێکی مەعریفیو فکریو رۆشنبیریی قووڵو سەردەمییانە دەکرێت، لەبەر ئەوە کاتێك لەسەر رۆمانێك یان شیعرێك یان چیرۆکێك هەڵوەستەی کردووە، بەتەنها نەگەراوەتەوە لای بۆچوونە تایبەتییەکانی زهنو خەیاڵاتو تەئویلە زاتییەکانی خۆی، بەڵکو بەشێوەیەکی سەرنجراکێش لەسەر چەمك و تێزو میتۆدو روئیای گەورە بیرمەندانی بواری فکرو رەخنەو رۆشنبیری وەستاوەو لەو رێگەیەوە پرۆسەی خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنو شیکارییە ئەدەبیو فکرییەکانی لە ئاستێکی بەرزتردا ئەنجامداوە، ئەمەش لەلایەکەوە ئەوەمان نیشاندەدات، ئەم هاورێ نووسەرەمان هەمیشە چالاکانە سەری لەناو کتێبە نەمرەکانی دنیادایەو هەوڵی بەردەوامیشی هەیە بۆ خۆدەوڵەمەندکردن بە فکرو رۆشنبیریو مەعریفەی تازەی دنیا.. لەلایەکی دیکەوە کورتە وەڵامێکیشە بە کتێبخانەی ئێمە، کە رەفەکانی خاڵین لەم جۆرە کتێبە بەکەڵکانەو دواتر بۆشاییەکی مەترسیداری لەناو کایەی ئەدەبیماندا دروستکردووە.

خوێندنەوەی بابەتەکانی ناو کتێبی (دەقو راڤەکاری) خوێنەری کورد بە کۆمەڵێك ئاستی رۆشنبیری ئاشنا دەکات، بەتایبەت ئەوانەی لە زمانی کوردی زیاتر شارەزای زمانێکی دیکە نینو دەستیان بە سەرچاوە جیهانیو بەنرخەکاندا ناگات. دەتوانن لە رێگەی ئەم کتێبەوە سەرەتایەك لە دنیابینیو میتۆدو تێزە تازەکانی بواری رەخنەو کولتووری خوێندنەوەو شیکاریی ئەدەبیو دنیابینیی نوێی بیرمەندانو رەخنەگرانی بواری ئەدەبیو دنیای تازە ببینن. گرنگییەکی دیکەی ئەم کتێبەو زیندوێتیی بابەتەکانی بەشێکی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە دانەری ئەم کتێبە کەسێکی خوێنەرو وریای بواری فکریو رووناکبیریو ئەدەبییە، پێکهاتەی رۆشنبیریو ئاگایی رەگەکانی بە قووڵی بەناو بنەما فکرییەکاندا رۆچوون، لەم رێگەشەوە رایەڵێکی بەهێزی لەنێوان فکرو ئەدەبدا دووپاتکردووەتەوە، چونکە ناکرێت فکرو ئەدەب وەك دوو یەکەی زیندووی چالاکی زهنیی مرۆڤ، کە کاریگەریی بەردەوامیان لەسەر یەك هەیە، لە یەك جوداکەینەوە. ئاوات دیسان بۆ راڤەکردنی بابەتە فکرییەکانیش بە کۆمەڵێك بیرمەندو زاناو شارەزای دنیای تازەی فکریمان دەناسێنێتو لە بۆچوونەکانیان لەمەر پرسە گرنگ و هەنووکەییەکانی ئەم سەردەمە جەنجاڵە نزیکمان دەکاتەوە.

کەسێك کە کاری رەخنەو خوێندنەوە بێتو راڤەی تێکستی ئەدەبی بکات، زۆر گرنگە لەسەر ئەو تێکستانە هەڵوەستە بکاتو کاریان لەسەر بکات، کە بەشێکی چالاكو زیندووی ئەدەبو رۆشنبیریی ئێمە پێکدێنن، چونکە کارکردنو خوێندنەوەی دەقێکی فرە رەهەندو فرە مەودای بینینی جیاواز جیاواز، هەوڵی رەخنەو شیکاریی ئەدەبی فرە رەهەندو پڕ لە زانیاریمان بۆ

بەرهەم دێنێت، ئەم نووسەرەمان لەم هەوڵەشیدا تەواو سەرکەوتووە بووە، چونکە کۆمەڵێك تێکستی لە ئاستی جیاجیادا هێناوەو کاری لەسەر کردوون، کە خاوەنی تێکستەکان هەم لە رووی ئەزموونی نووسینو داهێنانەوە جیاوازن، هەم لە رووی تەمەنو سەردەمو قۆناغەوە، ئەو تێکستانەی کە هەڵیبژاردوون تا ئێستاش بەهای داهێنەرانەو ئیستاتیکیو زیندوویی خۆیان لەدەستنەداوەو بەشێکی زۆر لە خوێنەری ئێمەیان لە ئاستە جیاوازەکاندا سەرقاڵکردووە بەخۆیانەوە. خوێنەر کاتێك بەر ئەو تێکستانە کەوتووە، بێگومان کۆمەڵێك گرێو پرسیارو رەهەندی شاراوەی لەلا جێماوە، دواجار لە رێگەی ئەم جۆرە خوێندنەوەو راڤەکارییانەوە دەتوانرێت قووڵتر لە ماناو پەیامو دنیای شاراوەی پشت تێکستەکان بگات. زۆر وتن لەسەر ئەم کتێبە رەنگە نەگاتە ئەو ئاستەی خوێنەر خۆی بە وریاییەوە بەری بکەوێتو بیخوێنێتەوە، چونکە ئێمە چەندێك هەوڵ بدەین مەودای راڤەکارییەکانی بنووسینەوە، ناگاتە ئەوەی خودی راڤەکانو شیکارییە ئەدەبیو فکرییەکان بخوێنرێتەوە، کە لە کتێبی (دەقو راڤەکاری)دا هاتوون. ئەم هەوڵەی ئێمە ئەوەندەی ناسینی ئەم کتێبە بەکەڵکەیە بە خوێنەر بە گشتیو گەنجەکان بەتایبەت، نیو ئەوەندە هەوڵێك نییە بۆ دیسانەوە کردنەوەی کۆدو گرێو پانتاییە شاراوەکانی نووسینەکان.

ئیدریس عەلی



# شیعر، کەم رێزی لێ دەگیرێتو شاعیرەکانیش هەقیانە برەنجێن!

## گفتوگۆ لەگەڵ (ئەستۆریاس)ی وەرگری نۆبڵی ئەدەبی

میگل ئەنگل ئەستۆریاسی شاعیر، چیرۆکنووسو دیبلۆماتی گواتیمالاییو بەدەستهێنەری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیی ساڵی (1967)ە. لە نووسەرە ئەدەبییە بەرجەستەکانی دەیەی (60)ی ئەمریکای ناوەندە.

لە بەرهەمەکانیدا دەکرێ جۆرە بیرکردنەوەیەکی عیرفانی نەتەوە سورپێستەکانی مایا بدۆزرێتەوە کە لەگەڵ ئەدەبیاتی بەرگریو تێکۆشان دژ بە فەرمانرەوایی

دیکتاتۆری سترادا کابرادا ئاوێتەبووە.

میگل ئەنگل ئەستۆریاسساڵی (1899) لە شاری گواتیمالاسیتی لەدایکبووە، بەڵام بەهۆی دژایەتیکردنی خێزانەکەی لەگەڵ دەوڵەتی دیکتاتۆری فەرمانڕەوادا دایكو باوکی ناچاربوون کۆچ بکەن بۆ شارێکی تر بەناوی (سالما). ناوبراو یەکێکە لەو ئەدیبە ناودارانەی کە لە ساڵی (1967)دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی بەدەستهێنا. دوای وەرگرتنی خەڵاتی ناوبراو لە ساڵی (1974)داو لە تەمەنی (75) ساڵیدا لە نەخۆشخانەی (کۆنسپلسیۆن)، چاوەکانی لێك نا.

ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ (میگل ئەنگل ئەستۆریاس)دا، یەك ساڵ بەر لە کۆچی دوایی لەلایەن (لویس لۆپن ئەلڤارز)ەوە لە پاریس ئەنجام دراوە، ئەمەش بەشێکە لەو گفتوگۆیە..

***کێ پێشنیازی کردبوو خەڵاتی نۆبڵ بە تۆ بدرێت؟**

- کەس.

***کەس؟ واتا خودی ئەکادیمیای سوید بڕیار دەدات؟ ئایا زانکۆکان یا ناوەندی ڕووناکبیریی تر هەبوون کە پێشنیازی بەخشینی خەڵاتەکە بۆ ئەکادیمیای سوید بکەن؟**

-نۆبڵ لە وەسییەتنامەکەی خۆیدا وتویەتی کە خەڵاتی ئەدەبیات دەتوانرێ بە پێشنیازی ئەکادیمیای پادشایەتی زمانی ئیسپانیا، زانکۆی سۆربۆن لە پاریس یا زانکۆی ئۆکسفۆرد ببەخشرێت.

***واتا تەنها ئەو ئینستیتۆیانە دەتوانن لەم بارەیەوە ڕا دەربڕن؟ پاشان لەبارەی تۆوە، ئەکادیمیای سوید داوای کردبوو؟**

-بەڵێ.

***لە ساتی وەرگرتنی خەڵاتەکەدا بیرت لە چی دەکردەوە؟**

-بە ئەرکی ئەخلاقییانەی خۆمو بەو کارانەی کە موڵکی من بوون. بیرم لەوەش دەکردەوە کە ئەم خەڵاتە بە تەواوی چیرۆکەکانی ئەمریکای لاتین دراوەو ڕێز لە خەونەکانی نیشتمانی ئێمە دەگیردرێت.

***نزیکەی ساڵی (1920) بوو کە یەکەمین کارە ئەدەبییەکانی تۆ لە بڵاوکراوەی (ستادیۆم)دا چاپکرا. دەکرێ بۆمان ڕوون بکەیتەوە چۆن درێژەت بە کاری نووسەرایەتی دا؟**

-بنەمای تەواوی ئەم کارانە لە ڕۆژنامەیەکی گواتیمالاییدا بەناوی (ئال ئایمپارسیال)دا دەستپێکرد، ماوەیەك بوو لەگەڵ (پۆرفیریۆ باربا جاکوب)ی بەرێوەبەرو بەرپرسی هەمان ڕۆژنامەدا کارم دەکرد، ئەو شاعیریش بوو. کارەکەم لە ڕۆژنامەی (ئال ئایمپارسیال)دا دەستپێکرد.

ئەو هەواڵانەی کە پەیامنێرەکان ئامادەیان دەکرد هەڵمدەبژاردن، ڕاپۆرتە هەواڵیشم دەنووسی، بەڵام هەموو ڕۆژنامەکان لە (باربا جاکوب) کە پیاوێکی نازەنین‌و باش بوو چڕدەبووەوە.

ئەگەرچی ماوەیەك کاری ڕۆژنامەنووسیم ئەنجام دا، بەڵام هیچ کات بیرم لە نووسینی دەقی ئەدەبی نەکردبووەوە. لەم ماوەیەدا زۆرم نووسی. هەموویان چیرۆکی کورت بوون.

***هێشتا ڕۆمانت نەنووسی بوو؟**

-بۆ؟ ڕۆمانێکم نووسی بوو. بەهەمان شێوەی کە وتم چیرۆکێکی زۆرم نووسی بوو، کە لەلایەن زانکۆی پاریسەوە لەژێر چاودێریی (کلاو کافۆن)دا بەچاپگەیەندرا، بێگومان باسی دەرچوون (بحس التخرج)ی خوێندنم دەربارەی مەسەلەی کۆمەڵایەتیی سوورپێستەکانیش لەلایەن زانکۆوە چاپکرا.

***نامەی دکتۆرای یاسا بوو؟**

-بەڵێ. نزیکەی ساڵی (1923) ماوەی یەك ساڵی پێویست بوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە ناوچەکانی وڵاتدا دیدەنی بکەم، لەبەر ئەوەی دەبوو ئەنبارێکم هەبێت تا بەم شێوەیە گەیشتمە ئەدەبیاتی سوورپێستەکان.

ئەمە ئەو شتە نەبوو کە پێشنیاز کرابوو بۆ من‌و ئەو شتە نەبوو کە بتوانرێ بیری لێ بکرێتەوە. لەڕاستیدا ئەوە چارەنووس بوو کە منی بۆ ئەوێ ڕاکێشکرد.

لە (4) ساڵیدا بە سوورپێستەکان ئاشنابووم، تا کاتی خوێندن لە کۆلیژو نووسینی باسی دەرچوونم هات، دەبوایە بچم گوندە بچوکترەکانی سوورپێستەکان ببینم تا بتوانم دەربارەی ئەوان بنووسم. باسی

دەرچوونەکەم خەڵاتی باڵای زانکۆی (سن کارلۆس)ی لە ساڵی (1923)دا بەدەستهێنا.

***چۆن دەست بە داهێنانی بەرهەمێك دەكەیت؟ چۆن دەنووسیت؟ بۆ نمونە چەند كاتژمێر لە شەو و رۆژدا كاردەكەیت؟ لە چ دۆخێكی رۆحییانەدایت؟**

-یەكێك لە یەكەمین ئەو كارانەی كە نووسەر پێویستە ئەنجامی بدات، بارودۆخی ئەوە لەگەڵ كاتە دەستبەتاڵەكاندا.

***باشە، مانای چییە؟**

-كاتە دەستبەتاڵەكان، ئەو كاتژمێرانەی رۆژن كە نووسین‌و بەرهەمهێنان تیایدا ئاسانترە. هەموو نووسەرێك وابەستە بە بارودۆخی جەستەیی یا بارودۆخی دڵ، خوێن، گەدەو مێشكەوەو هەلومەرجی جیاوازی خۆی هەیە. هەموو نووسەرێك كاتی گونجاوی خۆی هەیە كە دەتوانێ نووسینەكانی پەرەپێبدات، بۆ نمونە گونجاوترین كاتی كار بۆ من بەیانیان‌و كاتە بەراییەكانی رۆژە. بەشێوەیەكی گشتی كاتژمێر (5)ی بەیانی دەست بە نووسین دەكەم. ئەو كارانەی كە لەم كاتانەدا ئەنجامی دەدەم، پیایدا ناچمەوەو كۆی دەكەمەوەو دواتر بیر لە نووسینی رۆمانێك دەكەمەوە. بۆ نمونە تا بەر لە نووسینی (70 تا 100) لاپەرە، سەرەتا دەست بە خوێندنەوەی ناكەم، تەنانەت بۆ ئەوەی كە ریتمێك بگرم تا درێژە بە كارەكە بدەم.

دیاردەی داهێنان بەكێشەو ئاڵۆزترینیانە. شاعیری مەزن (پاوڵ باڵری) لەم بوارەدا لێكۆڵینەوەی زۆر كرد، رەگەزەكان‌و فاكتەرە كاریگەرەكانی لە داهێنانی بەرهەمێكدا شیكردەوە. هەروەها ناوبراو گەیشتە ئەم ئەنجامەی كە بەخت‌و چانسیش رۆڵێكی دەستنیشانكەری هەیە. منیش تا ئەندازەیەك جەخت لەسەر تێروانینەكانی ئەو دەكەمەوە. چەندین جار شەوانە لە كاتی نووسیندا وێڵی دوای زاراوەیەكی گونجاو بووم، بۆ نمونە بەدوای هاوواتای زاراوەیەكدا دەگەرێم، یەكسەر دەهاتمە سەرشەقام، بەدوای رۆژنامە یان گۆڤارێكدا دەگەرام، دواتر وەك ئەوەی كە ئیلهامم بۆ بێت، هەمان ئەو زاراوەیەی كە بەشوێنیدا دەگەرام پێویستە لە پەرەگرافی نووسینەكەدا دایبنێم، دێتەوە یادم بۆ ماڵەوە دەگەرامەوەو زاراوەكەم دەخستە شوێنی خۆی. وا دێتە بەرچاوت كە زاراوەیەكت دۆزیوەتەوە. هەندێ كات ئەو زاراوەیەی كە بەدوایدا دەگەرێی، هێندە پێویست‌و گرنگە كە بەبێ ئەو پەرەگرافەكە گیانی تیادا نییە. رەنگە بتوانرێ بڵێین دەربارەی شیعر كەم رێزی لێ دەگیرێت‌و شاعیرەكانیش هەقیانە برەنجێن، پێویستە بڵێین كە پەخشان هەمیشە لە خوار شیعرەوەیە. لەگەڵ ئەمەشدا لە ئەدەبیاتی ئەمریكای لاتیندا رۆمان بەبەراورد لەگەڵ شیعردا، كەمێ لە ئاستی بەرزتردایە. رۆمان تەنها شتە كە دەتوانێ زەینی داهێنەر بپارێزێت.

نووسینی رۆمان بە بەراورد لەگەڵ شیعرو چیرۆكی كورتدا، پێویستی بە وزەو توانای زیاترە، دەبێ سەرانسەری رۆژ كاربكەیت. دەبێ چەندین كاتژمێرو بە كاتی تایبەتی، رۆژانە دابنیشیت‌و بنووسیت، وەك ئەوەی كە كرابیتە خزمەتكاری كەسێك. لەبارەی كاری خۆمەوە، پێویستە بڵێم بە (چاپكەر) كاردەكەم. هەندێ كات نازانم پێویستە چۆن دەستپێبكەم، لەو جۆرە ساتانەدا گوایا وشە سەرەتاییەكانت بە ئیلهام بۆ دێت. بەهەمان شێوەی وتم، (پاوڵ باڵری)یش هەمان تێروانینی هەبوو. خوداوەندان یەكەمین وشەو زاراوە بۆ ئەدیبان دەنێرن‌و ئێمەش وەك نووسەر پێویستە بەشە مرۆییەكەی كێشەكە فۆرمەڵە بكەین‌و ئەم بەشەش ئەركی كارو كێشەی ئێمەیە.

**سەرچاوە: ماهنامە الكترونی سینما تئاتر، شمارە مرداد** ۱۳۸۲.

**و: كارزان محەمەد**



# ئاهەنگێك لە ساڵیادی شكسپیردا

لە یادی چوار سەد ساڵەی لەدایكبوونی نووسەری گەورەی جیهانی (ویلیەم شكسپیر)دا، كۆمەڵێك خوێندكاری بەشی زمانی ئینگلیزی، هەڵسان بە گێرانی ئاهەنگێك، كە لەم دیمەنانەدا خۆی دەبینییەوە، سەرجەم چالاكییە هونەرییەكانیش بە زمانی ئینگلیزی پێشكەشكران، كە بریتی بوون لە: ژیاننامەی شكسپیر، چەند هۆنراوەیەكی سولەلیكوی بەناوبانگەكەی شكسپیر (هەم یان نیم) To be or not to be بە شێوەی نواندن لەلایەن خوێندكار (ئاسۆ ئیبراهیم) نمایشكرا . دوا بەرهەمیش نمایشكردنی شانۆیی (شەوی دوازدەیەم (Twelfth Night" بوو. بۆ زیاتر ئاشنابوون لەم ئاهەنگە "زانیار كەریم عەبدول" ڕێكخەری ئاهەنگەكە لە دیمانەیەكی كورتدا وتی: نزیكەی دوو مانگ دەبێت سەرقاڵی ئەم ئاهەنگەین، كە نزیكەی نەوەد خولەكی خایاند.مەبەستمان ئاشنابوونی خوێنداری كوردە لە پەیام و تێكستە گەورەكانی شكسپیر، چونكە شكسپیر كوری دوێنێ نەبوو، بەڵكو كوری هەموو سەردەمێكە، وەنەبێ ئەم كارانە تەنها ئازایەتیی من بێت، بەڵكو هاوبەشیی مامۆستایان و خوێندكارانی بەشەكەمانە، پاشان شانۆییەكی شكسپیریشمان پێشكەشكرد، كە بۆ یەكەمین جارە لەم زانكۆیەدا بە زمانی ئینگلیزی دەقی شكسپیر نمایشبكرێت، كە حەوت خوێندكار هەستاون بە ڕۆڵبینینی كارەكتەركانی ویلیەم شكسپیر، بێ ئەوەی هیچیان ئەكتەر بن، لەوانە: (خۆشی عوسمان، جیهاد غەفور، ئاریان عوسمان، ڕێبین نازم، سیڤەر دارا، ئارا ئەحمەد). لەراستیدا شانۆییەكە كۆمیدییەو مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1600، ئەوەشمان لەبیر نەچێت، ساڵی پاریش لە هەمان ڕۆژدا بەشێك لە شانۆیی "هاملێت"مان نمایشكرد.

پەیوەندی نێوان هونەرمەند و تابلۆ پەیوەندییەکی درێژخایەنەو لە چرکەساتی دانانی یەکەمین پەڵە ڕەنگەوە دروست دەبێت، تا ئەو ساتانەی بینەر لە ناو هۆڵی گەلەرییەکدا سەیریدەکات، ئەم سەیرکردنەش لە هونەرمەندێکەوە بۆ یەکێکی تر حیکایەتی جیاوازو ریتمی جیاوازی هەیە، بە تایبەتیش ئەو شێوازە لە کارکردن کە هونەرمەند هەڵیدەبژێرێت سنوورو مەودای ئەو بینینەی نێوان تابلۆو بینەر دەستنیشان دەکات لە چ ئاستێکی هونەرییدایە..

کارکردنی روشدی ئەنوەری شێوەکار ئیشکردنێکی شاوڵیانەیە لە سەر بنەماکانی ئەو پەیوەندییە، بە تایبەتیش کاتێك رەنگ لە قوڵایی تابلۆکانیدا جۆرێك لە هەیمەنەو قورسایی دروستدەکات کە ڕەنگە تەکنیك و چیرۆکی ئەو تابلۆیە وا بە ئاسانی نەتوانێت ئەو قورساییە دروستبکات.

## روشدی ئەنوەر... لە ناو قوڵایی تابلۆدا خۆی نمایشدەکات.

گرنگترین ڕەگەزیش لەو شێوازە ئەسپتراکتییانەی ئەم هونەرمەندەدا بەرفراوانکردنی مەودای بینینی تابلۆیە لە ڕەگەزەکانییەوە بۆ چاوی بینەر، ئەمە جگە



له سەر ئەزموونە نوێکانی ئەم هونەرمەندە لە بواری وێنەکێشاندا.

دوا هەوڵ و ئەزموونی جیاوازی روشدی ئەنوەر لە دواهەمین پێشانگەی هونەریی خۆیدا دەرکەوت کە لە 5/21 لە ئوستورالیا و لە هۆڵی (پۆلۆك گەلەری) کردییەوە..

ئەم تابلۆیانەی روشدی بە پێی ئەو تایبەتمەندییانەی کە باسمانکرد قۆناغێکی نوێیە لە کاری هونەریی ئەودا، بە تایبەتیش لە ڕوی بونیادو ستراکتۆری تابلۆو کاری وێنەکێشانەوە، روشدی لە کارکردنیشیدا پەنای بردووەتە بەر ڕەنگ، وەك یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی کاری وێنەکێشان، هەر بۆیە ئەم رەگەزە قورساییەکی گەورەی لە کارە نوێکانی ئەم پێشانگەیەدا هەبوو، کە تا ڕادەیەك ئەم بنەمایە تایبەتمەندییەکی ئەو گۆڕانکارییە کە لە ئەزموونە جیاوازەکانی کارکردنی هونەریی ئەودا هەستپێدەکرێت، بۆیە لە یەکەمین بەرکەوتنی بینەر بە تابلۆکانی ڕوبەڕوی ڕەنگ دەبێتەوە، بە جۆرێك وەك ئەوە وایە هونەرمەند خۆی بە ڕەنگ نمایشکات..

ئەمە جگە لە کۆنسێپتی تابلۆکان و هێماو وردەکاری لە شێوازی دانانی ڕەنگ و ئەو شێوازە ئەپستراکتییانەی کە سەرجەم تابلۆکانی بە هێڵێکی وەهمییەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوەو کۆی ئەو تابلۆیانەش کرۆکی ئەو گۆڕانکارییانەی کارکردنی هونەرمەند دەردەخەن لە کاری هونەرییدا.

**ئایندە**



لەوەی ئەو ڕەنگ و فۆڕمە تایبەتییەی کە لە کارەکانی ئەودا هەیە هەڵگری هەستێکی تایبەتمەندانەیە لە تێڕامان و بیرکردنەوەی قوڵ لە سرووشت، بەڵام ڕەنگە ئەو سرووشتەی لە تابلۆکانی ئەم هونەرمەندەدا هەبێت ئەو سرووشتە تەقلیدییە نەبێت کە هەریەکە لە ئێمە لە ژیانی رۆژانەماندا دەیبینن، بەڵکو ئەو سرووشتە لە ناو هێڵەکانی ڕەنگ و تەمتومانی ڕەنگەکانییدایەو شێوازێکی تایبەتمەندیی هەیە، کە دواجار ئەو تایبەتمەندییەش دەبێتە سیمایەکی تایبەتی تابلۆکانی ئەم هونەرمەندەداو لەگەڵ یەکەم نیگادا هەست بە بوونی گۆڕانکاری دەکەیت لە کاری هونەریی ئەودا، بە تایبەتی کاتێك هەست دەکەین کە لە پێشترو قۆناغەکانی رابردووی هونەرمەند جۆرو شێوازێکی جیاوازتری هەبووەو ئەو جیاوازییەش راماندەگرێت

# ژولین گرین، ئەزموونی ڕەهایی نەشیاو پاکیی لە بەهەشتو دۆزەخدا نەبێ، پەیدا نابێت.!

بەرهەمەکانی ژولین گرین، (1998-1900)ی نووسەری فەرەنسی بەرەگەز ئەمریکی، بەبێ زەررەیەك لە گومان، ڕەنگدانەوەی ژیاننامەی دوورودرێژی خۆیەتیو لە هەمان کاتدا ئاوێنەی سێ ڕەهەندە:·

(ڕۆمان، شانۆنامەو ژیاننامەی نووسەر خۆی) لە ناو هەریەکە لە مانەدا، ژولین گرین لە گەڕاندایە بەدوای مانای ژیانی خۆی، بەدەربرینی نووسەر خۆی، ئەمە ڕازێکە جگە لە خوداوەند کەسی تر ئاگادارنییە لێی·

لەسەرتاسەری بەرهەمەکانی گرین-دا، هەوڵێکی دەروونناسی ڕۆحی پێوە دیارە، ئەو بەرهەمانە بەباشترین سەرچاوە دادەنرێن بۆ خۆناسین·

ئەو، تا دواساتەکانی تەمەنی، دەستی لە داهێنانی ئەدەبیو هونەریی هەڵنەگرتووەو جەختێکی زۆر لەسەر کاریگەری، خەونو خەوبینین دەکاتەوە، بەشێوەیەك کە خۆی وتویەتی:·

(کتێبەکانم خەونەکانمن، ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی، تا هاوسەنگیم بپارێزم)·

ژولین گرین، دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر هەردوو زمانی ئینگلیزیو فەرەنسیدا هەبووە، لەسەرچاوەکانی دوو فەرهەنگ تێر ئاو بووە، تا تەمەنی شانزدە ساڵی پرۆتستانی ئیماندار بووە، هەر لەو ساڵەدا پەیوەندی کرد بەئایینی کاسۆلیکییەوە، تا دوا تەمەنیشی زۆربەی کتێبە گرنگەکانی، دوو دڵییو هەڵچوونی قووڵی مەزهەبییو دیینی پێوە دەبینرێت، کە ئەمەش لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە مەزهەبییەوە بوو، کە لە ژیانیدا ڕوویدا·

ئیتر لەوەودوا، تا کۆتایی تەمەنی دەستی لە ئەدەبییات نەکێشاوە، تەمەنی گەنجی گرینو بەرهەمە سەرەتاییەکانی دوو شت نیشان دەدەن: یەکەمیان مەرگ (گرین لە ساڵی 1914 دایکیو کەمێك دواتریش خوشکەکەیو باوکیشی لە دەستدا)، دووەمیان، چێژو ئارەزووە دەروونییەکان (پەیوەندی کرد بەگەنجێکەوە کە ناوی مارك بوو، دانپیانان بەعەشقی بێ سەرەنجام بوو)·

ئەم دوو هۆکارە، بەوتەی ژاك پتی بنەمای سەرەکی بەرهەمەکانی ژولین گرین-ن، کە تا کۆتایی تەمەنی هەر بەو شێوەیە مایەوە·

(گەشتیاری سەر ڕووی زەوی) یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی گرین-ە، کە لە ساڵی 1926 بەچاپ گەیشت·

ئەم کتێبە لە چوار چیرۆك، دووانیان چیرۆکی درێژو دووانیشیان کورتن، گرین- لەم چیرۆکانەدا فەزایەکی پڕ پێچو پەنا بەرجەستە دەکات، کە لە نێوان ئەقڵو بێ ئەقڵیدایەو لە هەمان کاتدا نیشاندانی ئەو سنوورەی کە شێتی لە ئەقڵ جیادەکاتەوە، چۆنیەتی تێپەڕین بەو سنوورەدا شایەنی سەرنجە· چیرۆکی (گەشتیاری سەر ڕووی زەوی) ڕووداوێکە لە باشووری وڵاتە یەکگرتووەکاندا ڕوویداوە، ناوەرۆکی تەواوی ڕووداوەکەش (شێتێتی)یە، بەڵام خوێنەر هێواش هێواش لەمە دەگات· سەرەتا خوێنەر لە مەرگی کتوپڕی گەنجێك بەئاگادەبێت بەناوی (دانیل)، وا دێتەپێش چاو، کە ئەم گەنجە لە شوێنێکی بەرزەوە، خۆی فڕێدابێتە خوارەوە، ئەو لە پاش خۆی، دەفتەری یادەوەرییەکانی بەجێماوە، کە زۆر بەوردی باسی ژیانی دانیل دەکات، دانیل لە تەمەنی 10 ساڵیدا، دایكو باوکی لە دەست دەدات، مامی کە پیاوێکی دوورەپەرێزو تورەیە، بەخێوکردنی (دانیل) دەگرێتە ئەستۆی خۆی· مامی باوەڕی وایە، منداڵ هیچ پێویستییەکی بەچوونە قوتابخانە نییە، ئامۆژنەکەشی کە ژنێکی خورافیو ماخولیایە، هەموو ڕۆژێك باسی کۆمەڵە چیرۆکێکی ترسناكو ڕووداوەکانی ئاخر زەمانی بۆ دەکات·

دانیل لە تەمەنی 17ساڵیدا، ئەو شێوە ژیانەی ماڵی مامی بەجێ دەهێڵێت، بەمەبەستی خوێندن دەچێتە شارێکی نوێ، کاتێك کە دەچێتە ئەو شارەوە، ڕووبەڕووی گەنجێك دەبێتەوە بەناوی (پۆل)، پۆل پێشنیازی بۆ دەکات کە پێکەوە ژوورێك بەکرێ بگرن· لە سەرەتادا (دانیل) پێشنیازی پۆل-ی زۆر پێ خۆش دەبێت، بەڵام زۆر بەزوویی ڕەفتارە سەیروسەمەرەکانی پۆل-

سەرنجی رادەکێشێ. ئەو تاو ناتاوێك، لە ژیانی دانیل-دا دەردەکەوێتو رێنمایی دەکاتو دواتر ونی دەکات (غەیبی دەکات)، هەتا کاتێك دانیل لە دوونیای غەیب-دایە، پۆل کتێبەکانی بۆ دەسووتێنێت، بەو بیانووەی کە گوایە ئەوانە کتێبی تەندروست نین. شەوی دوای ئەوە، سێ جار پێبەپێی ئەم شێوە کابووسە، هاتە خەونی کە پۆل-ئەمی تا لێواری بەربوونەوە بردووەو دواتر لە بۆشاییدا سەرنگوونی کردووە. لەو کاتەدا لە خەو خەبەری بۆوە، راستییەکی کتوپڕ چاوەڕێی دەکرد. رێورۆشتنی چیرۆکەکە بەهێواشی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت، لە پۆل حەقیقەتێك نییەو کەموکورییەکی زهنیی دانیل-ەو لە دونیادا کەسێکی لەو شێوەیە بوونی نییەو تەنیا وەهمی دانیل-ە. تەواوی چیرۆکەکە لە سنووری نێوان خەونو بێدارییدایە.

بەشێوەیەك، هەڵوەشانەوەی خەون لە بێداری لەم چیرۆکەدا زۆر دژوارە، ئەمەشە کلیکی تێگەیشتنی بەرهەمە گرنگەکانی ژولین گرین-ە. کتێبی (گەشتیاری سەر رووی زەوی) لە شیعرە پڕ تەمومژو ئاڵۆزەکەی. ئەدگار ئالان پۆ- دەچێتو ئەوەش بیری خوێنەر دەخاتەوە.

ژولین گرین، لە رێگەی سەرگووزشتەی پاڵەوانەکانییەوە کەسیەتی خۆیمان نیشان دەدات، گرین- دەربارەی رۆمانی (لڤیاتان)ەوە دەڵێت: (هەموو پاڵەوانەکانی ئەم رۆمانە خودی منن و هەڵچوونەکانی ئەوان، سەرکەشییەکانی خودی منن)، دەربارەی کەسیەتی (ئادرین مزورا) کە ناوی یەکێکی ترە لە کتێبە گرنگەکانی ئەو، لە هەمان کاتدا ناوی کەسیەتییەکی ناو ئەو کتێبەیە دەڵێت: (کەسیەتی ئادرین مزورا، خودی من بوو، کە دیلی سنووربەندییەکە، ئێمە بەرەو شێتبوون کێش دەکات).

ژولین گرین، باوەری وایە کە رۆماننووسین هۆکارێکە بۆ ئەوەی، بەتێروتەسەلی باسی خود بکات، ئەگەر هاتوو ئەم پێناسەیەی گرین قبووڵ بکەین، ئەوا رۆمانەکانی ئەو جۆرێکە لە دانپیانان بەشکستە ناکامەکانی ئەو.

بەشی دووەمی چالاکییە ئەدەبییەکانی گرین، بەشێوازی تایبەت بەتاك دەستی پێکرد، رۆمانی (ڤارونا)، کە پەیوەستە بەم شێوازە نووسینەوە، کە لە ناوەراستی تەمەنی نووسەرەوە هاتۆتە بەرهەم، ئەم کتێبە لەوانە، دژوارترین کتێبی گرین-بێت. ئەم کتێبە لە سێ بەش پێك هاتووە، یەکەمیان ئەفسانەی (هوئل)و دووەمیان چیرۆکێکی ئەفسانەیی (هۆلن)و سێیەمیان، یادەوەری خانمی رۆماننووس (ژان)، لە راستیدا رۆمانێك داهێنانی تێدا نەبێت، ناچێتە ناو سنووری رۆماننووسینەوە، گرین لە شوێنێکی رۆمانی (ژان) دەڵێت: (نووسینی رۆمانێك رووداوێکی سەیرە، هەرگیز لەوەوبەر نازانین رووداوەکانی بەکوێ دەگات، من وا بیردەکەمەوە کرداری نووسین خۆی لە خۆیدا رۆمانێکەو پاڵەوانەکەی نووسەر خۆیەتی).

لە ساڵی 1948دا، ژولین گرین ئاشکرای کرد، کە ئیتر ئارەزووی نووسینی نەمانە، هەقیقی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە، گرین دووبارە پەیوەندی کردەوە بەئایینی کاسۆلیك، دەیویست رێگای رۆشنی مەزهەبی بگرێتەئەستۆی خۆی، ئەندێشەی کاسۆلیزمو کاریگەری فراوانی بەسەر ئەدەبیاتی فەرەنسی لە سەدەی بیستەمی رابردوودا، خۆی لە خۆیدا لێکۆڵینەوەی دوورودرێژو تەواوی دەوێتو، پێویستی بەکاتو شوێنێکی تر هەیە، بەڵام ئەگەر کەمێك ئاماژە بکەین بەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ئەدەبیاتی فەرەنسی، شاهیدی دەرکەوتن و رۆشنبوونەوەی نووسەرانێکی گەورەن، وەك پۆل کلۆدل، فرانسوا مۆریاك، ژرژ برنانوس، شارل پەگی، سیمون وی و ژولین گرین. ئەمانە نووسەرانێکن کە بەهۆی قووڵیو دەوڵەمەندی لە ئەندێشەکانی مەزهەبیو میتافیزیکیو رەنگدانەوەی نیگەرانییەکانی بووناسانەی خود لە بەرهەمەکانیاندا، توانیویانە سەرکەوتنێکی باش بەدەستبهێنن. دوو کەس لەم کۆمەڵە نووسەرە کاسۆلیکییانە (فرانسوا مۆریاكو رۆژە مارتن دوگار) توانییان خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیی بەدەستبهێنن، بەکورتییەکەی، ئەم کاسۆلیکیانە، لە نیوەی یەکەمو هەتا ساڵەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمیش، توانییان عەشقو خۆشەویستی بژنن، بەسەر ئەدەبیاتی فەرەنسی.

لەم ناوەندەدا، ژولین گرین، بەهۆی ئەو گۆرانکارییە مەزهەبییەی لە ژیانیدا روویدا، لە فکری پرۆتستانیزمەوە بۆ کاتولیزم، لە نێوان ئەم کۆمەڵە نووسەرانەدا گرین شوێنێکی تایبەتی خۆی هەیە.

گرین لە کتێبی، یادەوەرییەکانیدا دەنووسێت: (دەبێت بەدوای دۆزینەوەی رێگەیەك بین، کە بەقووڵی بوونمان، بوونی هەیە)، ئەم دەربرینەی گرین، لە کتێبی یادەوەرییەکانیدا، لەوانەیە بتوانرێت بەجۆرێك پێشەکی رۆمانی گرنگی (موئێرا1950-) دابنرێت، ئەم رۆمانە لە چاو هەموو رۆمانەکانی تریدا، بێ هیچ گومانێك شەرحی بارودۆخی ژیانی کەسی خۆی بێت.

موئێرا، بەزمانی یۆنانی واتە چارەنووس، بەراستیش سێبەری شوومی ئەم چارەنووسەیە، کە لەم کتێبەو لە هەموو کتێبەکانی تری گرین، بۆ ساتێکیش یەخەی پاڵەوانەکانی بەرنادات.

جۆزیف دی، کە نازناوی (موسرخە) قووڵ باوەرە، نووسەرێکی لاو، پرۆتستانییەك، بۆ بەردەوام بوون لە خوێندن دەچێت بۆ زانکۆی (شارلوت وبل)، ئەم پرۆتستانە

رادیكاڵە، هەر بەزوویی تووشی بەربەرەكانی دەبێت لەگەڵ هاوكلاسەكان، گرژییەكی فراوان دروست دەبێت لە نێوان ئەوو گەنجێك بەناوی (بروس پرلو).

هاورێكانی پیلانێكی بۆ دادەرێژن، تا تووشی داوی كچێكی گەنجی بكەن بەناوی (مۆئێرا)، جۆزیف لە بەرامبەر ئەم خانمەدا لە چۆكدا دەكەوێت، دواتر ونی دەكات، دوای دوو دڵییەكی دوورودرێژ خۆی تەسلیمی پۆلیس دەكات. گرین، لە كتێبی یادەوەرییەكانیدا دەنووسێت:- (رۆمانی مۆئێرا، شتێك نییە جگە لە وێنەكێشانی رووداوێكی واقیعیو لەگەڵ نقومبوون بەهەموو شیاوەكاندا).

(ژاك پتی)، نووسەرو رەخنەگر لەسەر ئەو رۆمانە، دەربڕینێكی زۆر شەفافو جوانی هەیە، دەڵێت: (هەرەسی جۆزف دی لەم رۆمانەدا، لە راستیدا هەرەسی نووسەرێكی كاسۆلیكە كە خۆی دەسپێریت بەوەسوەسەكانی رۆماننووسین، لە كاتێكدا كە تەواو سەرنجی لەسەر سەرچاوەی رۆمانی ناپاكە.

ئارەزوو و خولیای ئازادی، لە تەواوی بەرهەمەكانی ژولین گرین دەبینرێت. لە هەمانكاتدا، پاڵەوانی چیرۆكەكانی لە مشتومڕی پاكی رەهان، دەكەونە گێژاوە ترسناكەكانی دۆزەخەوە، بەڵام هەروەك سیزیف ئاسا، ئەزموونی نەشیاوەكان دەكەن.

**پەراوێز:.**

1.سنت های كاتولیك در ادبیات معاصر فرانسه، ژروم امیده، مینو ژاكری، نشر اگلس.

2.مكتب های ادبی، رچا سید حسینی، انتشارات نگاه.

**سەرچاوە:.**

روزنامە شرق.

**و: چنور محەمەد**

